# دەرئەنجامەکان: گەڕەکانی دوو بۆ چوار – شیکاری بەراوردکاریانە

تشرینی دووەمی ٢٠٢٢

## ژینگە

بە کۆتاییهاتنی شەڕە ململانێکان لەگەڵ داعش دا، ئاوارەبوونی درێژخایەن تایبەتمەندی ڕەوش و ژینگەی قۆناغی دوای شەڕو ململانێیەکانی وەرگرت لە عێراق دا. نزیکەی ١.١٧ ملیۆن هاوڵاتی هەر لەئاوارەیی ماونەتەوە، نزیکەی نیوەی ئەو هاوڵاتیانەش پێنج ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا ماڵ و حاڵی خۆیان لە ناوچەکانی زێدیان جێهێشتووە.[١,٢] لەبەر ڕۆشنایی ئەمەی سەرەوە، شتێکی زۆر پێویست و بنەڕەتییە کە ئاستی چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ ئاوارەبوون باشتر بکرێت لە عێراق دا، ئەمەش لەڕێگەی باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەران کە وادەکات ئاوارە ناوخۆییەکان بتوانن بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە هەنگاو بەرەو گەڕانەوە، یەکخستنی خۆجێی یان نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیکەی تازە بنێن. پێرستی ئاوارەبوون (DI) ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن و چاودێریکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی ئەو ئاوارانە دروستکراوە. داتای کۆکراوەی سێ گەڕ بە درێژایی ماوەی ساڵێک کە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ تا ئەیلولی ٢٠٢٢ بوو، لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو. کۆکردنەوەی داتا بۆ گەڕی دووەمی پێرستی ئاوارەبوون لەنێوان تشرینی یەکەم بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بوو، بۆ گەڕی سێیەمیش لەنێوان کانوونی دووەم بۆ ئاداری ٢٠٢٢ بوو، هەرچی گەڕی چوارەمیشە لەنێوان تەمموز بۆ ئەیلولی ٢٠٢٢ بوو. دوایەمین گەڕی ئەم هەڵسەنگاندنە بەکۆی گشتی ٢,٦٩٧ شوێنی لەسەرانسەری ١٨ پارێزگا و ١٠٣ قەزا گرتبووەخۆ لە عێراق دا.

## ڕێباز

ئەم پێرستی ئاوارەبوونە لەسەر بنەمای ٢٢ دیارخەر لەم پێنج بوارەدا دانراوە: ١. کاروکاسبی، ٢. نیشتەجێبوون، ٣. ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان، ٤. سەلامەتی و ئەمنیەت و، ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. شیکارکردنی هۆکار بەکارهاتووە بۆ تێڕوانین لە پەیوەندی نێوان ئەم پێنج بوار و دەرخەرانە تا هەم ڕاددەی پەیوەستی دەرخەرەکان بۆ هەریەکێک لە بوارەکان نیشاندەدات، هەمیش گرنگی هەر یەک لەو پێنج بوارە لە کۆی تێکڕای پێرستەکە دەخاتەڕوو. هاوتەریب لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، ١. کاروکاسبی و ٢. نیشتەجێبوون کاریگەرترین دوو بوارن لەسەر تێکڕای دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان. ئەو دوو بوارەشی کە دووەم کاریگەرترینن بریتین لە ٣. خزمەتگوزارییەکان و ٤. ئەمنیەت، دوای ئەوانیش ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. خاڵەکانی هەریەک لەو بوارانە و تێکڕای پێرستەکە بۆ سێ گروپ پۆلێنکراوە: نزم/کەم، مامناوەند، زۆر/بەرز بۆ سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێبازی ڕاپۆرتەکە، تکایە بڕوانە کۆتا لاپەڕە.

دوای گەڕی یەکەمی پێرستی ئاوارەبوون کە، لە نێوان ئادار بۆ نیسانی ٢٠٢١ کۆکرابۆوە، گۆڕانکاری لە ڕێبازکرا بۆ باشترکردنی کۆی گشتی کوالێتی پێرستەکە. سەرئەنجام، دەرئەنجامەکانی گەڕی یەکەم بە گەڕەکانی دواتر بەراورد ناکرێن، هەربۆیە، ئەم ڕاپۆرتە دەرئەنجامەکانی گەڕی یەکەم ناگرێتەخۆ.[٣]

شێوەی ١: ڕێژەی ئاوارەکان بەپێی جۆری سەختی و دژواری

| زۆر سەخت و دژوار | سەخت و دژواری مامناوەند | سەخت و دژواری مامناوەند |
|---|---|---|
| ٪٦ | ٪٢٧ | ٪٦٧ |
| ٥٨,٦٠٨ ئاوارە | ٢٦٥,٥٨٤ ئاوارە | ٦٦٠,٣١٢ ئاوارە |
| ١٢٥ شوێن | ٥٨٥ شوێن | ١,٩٨٧ شوێن |

٩٨٤,٥٠٤ ئاوارە

| خێزان | پارێزگا | قەزا | شوێن |
|---|---|---|---|
| ١٦٤,٠٨٤ | ١٨ | ١٠٣ | ٢,٦٩٧ |

ماوەی کۆکردنەوەی داتاکان: تەمموز – ئەیلول ٢٠٢٢

شێوەی ٢: دیارخەر و بوارەکانی پێرستی ئاوارەبوون





١ گەڕی ١٢٧ی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بەردەستە لە: https://iraqdtm.iom.int/MasterList
٢ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٧ کە تیایدا لە ٩٧٪ ئاوارەکان لە ئاوارەبوونی درێژ خایەن دا (بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ) و لە ٩٢٪شیان بۆ ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵە ئاوارەن. زانیاری زیاتر بەردەستە لە: https://iraqdtm.iom.int/ILAV
٣ هەموو کۆمەڵە و سێتی داتاکان بەردەستن لەسەر وێبسایتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە: https://iraqdtm.iom.int/DisplacementIndex#Datasets


## تێکڕای سەختی و دژواری

- لەو ٢,٦٩٧ شوێنەی کە لە گەڕی چوار دا هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا، لە یاند١٢٥ دۆخی ژیان و گوزەران سەخت و دژوار بوو. ئەو شوێنانەش لە ٦٠٪ی ئاوارەکانیان لە خۆگرتبوو، کە ٥٨,٦٠٨ کەس بوون. ٥٨٥ شوێنی دیکەش لەڕووی سەختی و دژوارییەوە بە مامناوەند پۆلێنکران کە لە٢٧٪ی ئاوارەکانیان لەخۆگرتبوو (٢٦٥,٥٨٤) و ١,٩٨٧ شوێنیش لەڕووی سەختی و دژوارییەوە بە نزم پۆلێنکران کە لە ٦٧٪ی ئاوارەکانیان لەخۆگرتبوو (٦٦٠,٣١٢ کەس).
- لەماوەی ساڵێک، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ تا ئەیلولی ٢٠٢٢، ڕێژەی ئەو ئاوارانەی کە لەشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دان زۆر بەئەستەم کەمی کرد لە گەڕی دووەم کە بووە لە ٨٪ (٧٦,٣٦٨ کەس) سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ئاستێکی بەرزە، دەرئەنجامەکانی گەڕی سێیەم ئەمە بووە لە ٩٪ (٩٣,١٤٤ کەس) و لە گەڕی کەمبوویەوە بۆ لە ٦٪ی ئەو کەسانەی کە سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ئاستێکی بەرزە.
- پارێزگاکانی سەڵاحەددین، ئەنبار و نەینەوا زۆرترین ژمارەی ئەو ئاوارانەیان لەخۆگرتبوو کە دۆخی ژیان و گوزەرانیان سەختە کە بۆ هەر یەکەیان ٢٠,٤٨٤، ١٦,٩٦٢ و ١٠,٥١٢ کەس بوو.

شێوەی ٣: ڕێژەی ئاوارەکان بەپێ سەختی و دژواری بۆ هەر گەڕێک




نەخشەی ١: شوێنی ئاوارەکان بەپێ جۆر و ئاستی سەختی و دژواری



لەنێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ بۆ ئەیلولی ٢٠٢٢، گەورەترین کەمبوونەوە لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لە دۆخی سەخت و دژواری ژیان و گوزەران دان لە پارێزگای سەڵاحەددین تۆمارکرا بە (٩،٤٠٢- کە)، ئینجا لەپارێزگای کەرکووک بە (٢،٥٦٨- کەس) و پاشانیش لە پارێزگای نەجەف بە (٢،١١٨- کەس).

کەمبوونەوەی پارێزگای سەڵاحەددین-یش بەزۆری هی قەزاکانی سامەڕا، تکریت، توزخورماتوو و بەلەدبوو بەهۆی بەرەوپێشچوونی بواری کاروکاسبی لە تەواوی دەرخەرەکانی دا: ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە سەرچاوەی داهاتیان نییە، ئەوانەی کە پشت بە هاوکارییەکان دەبەستن، ئەو خێزانانەی کە پارەی خواردن و خۆراکیان نییە و ئەوانەشی کە بەم دواییانە کارەکانیان لەدەستداوە.

کەمبوونەوەی پارێزگای کەرکووکیش لە قەزاکانی حەویجە، دبس و ناوەندی کەرکووک تۆمارکرا کە پاڵنەری ئەم کەمبوونەوەیەش بەرەوپێشچوونی بواری گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی بوو. بەتایبەتیش، حاڵەتی جیاکاری یان مامەڵەی نایەکسان تۆمار کرا بەرانبەر بە ئاواران لەڕووی بەیەکسانی خستنەسەرکار و بەکرێگرتنی خانوو.

لە نەجەف، زۆرترین کەمبوونەوە هەبوو لە نێوان گەڕی ٤ و ٣ دا ئەوانیش لە شوێنەکانی قەزای ناوەندی نەجەف بوو کە لە ئاستی سەختی و دژواری بەرزەوە بۆ مامناوەند گۆڕا. ئەم بەرەوپێشچوونەش پەیوەستە بواری خانوو و نیشتەجێبوون کە ژمارەیەکی کەمی خێزانەکان چوونە شوێنی حەوانەوەی هەرزانتر بەهۆی دۆخی داراییەوە. سەرەڕای ئەم بەرەوپێشچوونەش، دۆخی ژیان و گوزەرانی زۆربەی شوێنەکانی ئەم پارێزگایە لەڕووی ئاستی سەختی و دژوارییەوە بە مامناوەند پۆلێنکرا و هیچ شوێنێکی ئاست نزمی تێدا نەبوو لەمبارەیەوە. پاڵنەرە سەرەکییەکانی سەخت و دژواربوونی دۆخی ژیان و گوزەران لەم پارێزگایە بریتیبوون لە خزمەتگوزارییەکان و گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەمانەشدا، زۆربەی شوێنەکانی لەڕووی چوونە قوتابخانەی سەرەتاییەوە خراپبوون، بڕی پێویست ئاویان نەبوو، لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە یاساییەکانیش خراپبوون. هەروەها چەند حاڵەتێکی زۆری جیاکاری و مامەڵە کردنی نادادپەروەرانە لەگەڵ ئاوارەکان هەبوو کاتێک دەهاتە سەر لایەنی نوێنەرایەتیکردنی سیاسی. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە ئاوارەکان کەسێک یان نوێنەرێکیان نەبوو کە لەبری ئەوان قسە بکات و دەنگیان بگەیێنێت، بۆیە وا هەستیان دەکرد کە دەستیان بە پاڵپشتییەکانی دەسەڵاتداران ناگات.

سەرەڕای ئەوەش، بابل گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی لە نێوان گەڕی ٣ یەم ٤ ەم دا کە لە زۆربەی شوێنەکانی دۆخی ژیان گوزەران لە ئاستی مامناوەندی سەختی و دژوارییەوە گۆڕا بۆ نزم. ئەم بەرەوپێشچوونەش بەدیکرا لە بوارەکانی کاروکاسبی، خانوو و نیشتەجێبوون و سەلامەتی بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی کەمی ئاوارەکان کارەکانیان لە دەستدا، بزنسەکانیان داخست، یان گیرۆدەی دەستکەوتنی بڕی پێویستی داهاتیان بوون لەوەتەی گەڕی ٣وە کە ئەمانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر چەند خێزانێکی ئەو ئاوارانە هەبوو و وایلێکردن بچنە شوێنێکی هەرزانتری نیشتەجێبوون. هەروەها چەند ترس و نیگەرانییەکی پەیوەست بە هێرشەکانی تۆڵە لێکردنەوە باسی لێوەکرا و ئاوارەکان لەو باوەڕەدابوون کە پۆلیسی خۆجێی تواناى کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکەی هەیە.

خشتەی١: ژمارەی ئاوارەکان و شوێنەکان لە هەر پارێزگایەک بەپێی جۆر و ئاستی سەختی دژواری دۆخی ژیان و گوزەران

| | بەرز | | مامناوەند | | نزم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاواران | ژمارەی شوێنەکان |
| ئەنبار | ١٦,٩٦٢ | ٢٦ | ١٢,٠٣٦ | ٤١ | ٥,٧٩٠ | ٥٢ | ٣٤,٧٨٨ | ١١٩ |
| بابل | | | ٤٩٢ | ٢ | ١٥,٧٩٢ | ٩٢ | ١٦,٢٨٤ | ٩٤ |
| بەغدا | ٩,٢٤٦ | ١٦ | ٥,١٧٨ | ٦٩ | ١٢,٣٠٠ | ٣١٩ | ٢٦,٧٢٤ | ٤٠٤ |
| بەسرە | ١١٤ | ٣ | ٤١٤ | ٢١ | ٤,٧١٦ | ١٦٢ | ٥,٢٤٤ | ١٨٦ |
| دهۆک | | | ٢١,٧٢٦ | ٣ | ١١٦,٧١٢ | ١٥٤ | ١٣٨,٤٣٨ | ١٥٧ |
| دیالە | ٢١٠ | ٢ | ١٩,١٧٦ | ٦٠ | ٢٤,٣٤٢ | ١١٩ | ٤٣,٧٢٨ | ١٨١ |
| هەولێر | ٨٤ | ١ | ٣٠,٦٣٠ | ١٦ | ١٨٨,٢٩٨ | ١٤٤ | ٢١٩,٠١٢ | ١٦١ |
| کەربەلا | | | ٥,٠٠٤ | ١٥ | ٥,٦٤٦ | ٧٥ | ١٠,٦٥٠ | ٩٠ |
| کەرکووک | ٤٢٠ | ٣ | ٣٥,١٢٤ | ١٧ | ٥٦,٦٣٤ | ٥٩ | ٩٢,١٧٨ | ٧٩ |
| میسان | | | | | ١,٨٠٦ | ٧٦ | ١,٨٠٦ | ٧٦ |
| موسەننا | ٣٦ | ٢ | ٣٦ | ٥ | ٧٥٠ | ٤٢ | ٨٢٢ | ٤٩ |
| نەجەف | ٥٤٠ | ١ | ٧,٤٠٤ | ٥٨ | | | ٧,٩٤٤ | ٥٩ |
| نەینەوا | ١٠,٥١٢ | ١٩ | ٦٥,٥٨٦ | ٨٣ | ١٢١,٤٨٢ | ١٧٤ | ١٩٧,٥٨٠ | ٢٧٦ |
| قادسیە | | | ٢,٢٣٢ | ٤٢ | ٧٢٦ | ١٩ | ٢,٩٥٨ | ٦١ |
| سەڵاحەددین | ٢٠,٤٨٤ | ٥٢ | ٢٧,١٨٦ | ٤٨ | ٣,٢٧٠ | ١٧ | ٥٠,٩٤٠ | ١١٧ |
| سلێمانی | | | ٣٢,٨٠٨ | ١٠٢ | ٩٥,٥٥٦ | ٣٤٠ | ١٢٨,٣٦٤ | ٤٤٢ |
| زیقاڕ | | | ٩٦ | ١ | ٢,٦٦٤ | ٦٨ | ٢,٧٦٠ | ٦٩ |
| واست | | | ٤٥٦ | ٢ | ٣,٨٢٨ | ٧٥ | ٤,٢٨٤ | ٧٧ |
| کۆی گشتی | ٥٨,٦٠٨ | ١٢٥ | ٢٦٥,٥٨٤ | ٥٨٥ | ٦٦٠,٣١٢ | ١,٩٨٧ | ٩٨٤,٥٠٤ | ٢,٦٩٧ |

شێوەی ٤: ڕێژەی ئاوارەکان بەپێی جۆر و ئاستی سەختی و دژواری گوزەرانیان لە هەر پارێزگایەکی ئاوارە بوون دا بەگوێرەی گەڕەکان



## شوێنە گەرمەکان

قەزایەک بە شوێنی گەرم پۆلێندەکرێت ئەگەر کۆی تێکرای خاڵەکانی ئاستی سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران بەرز بێ و بەلایەنی کەمەوە ١٠٠٠ کەس تیایدا نیشتەجێ بێ. لە گەڕی ٤ دا، لەسەرانسەری چوار پارێزگادا، شەش شوێنی گەرم دەستنیشانکران. سێ سەرەکیترین شوێنی گەرمیش لەسەر بنەمای بەرزترین ژمارەی دانیشتوانە ئاوارەکەی بوو، ئەوانیش ناوەندی توزخورماتوو، ناوەندی تکریت لە پارێزگای سەڵاحەددین، عامریە لە پارێزگای ئەنبار.

خشتەی ٢: شوێنە گەرمەکانی سەختی و دژواری لە گەڕی ٤ دا

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاوارەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | فەللوجە | عامریە | ٢١ | ١٦,١٣٤ |
| بەغدا | محمودیە | لە تیفیە | ٩ | ٦,٣٨٤ |
| نەینەوا | بەعاج | ناوەندی بەعاج | ٩ | ٧,٤٠٤ |
| سەڵاحەددین | تکریت | عەلەم | ١١ | ٣,٧٠٨ |
| سەڵاحەددین | تکریت | ناوەندی تکریت | ٢٦ | ٩,٤٨٠ |
| سەڵاحەددین | توزخورماتوو | ناوەندی توزخورماتوو | ١٣ | ١٦,٢٣٠ |

**ناوەندی توزخورماتوو** ١٦,٢٣٠ کەسی تێدا نیشتەجێیە. لەو ١٣ شوێنەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، ٦ یان لەڕووی سەختی دژوارییەوە ئاستی بەرز بوون و ٧ دیکەش مامناوەند. خراپترین و سەختترین بوارەکانیش بریتین لە ١. کاروکاسبی کە ئاوارەکان لە دانی کرێی نیشتەجێبوون و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانیان ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، ٢. ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان کە تیایدا دابینکردنی کارەبا کێشەیەکی سەرەکییە.

**عامریە** ١٦,١٣٤ کەسی تێدا نیشتەجێیە. لەو ٢١ شوێنەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆکرا، ١٩ یان دۆخی ژیان گوزەرانیان سەخت بوو. سەرسەختترین بواریش بریتیبوو لە کاروکاسبی کە ١٨ شوێن لە بوارە دا دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان زۆر سەخت بوو ئەمەش لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان سەرچاوەی خواردن و خۆراک و پێویستییە بنەڕەتییەکانی دیکەیان نەبوو و پشتیان بە هاوکاری/یارمەتییەکان دەبەست. دووەم سەختترین بوار بریتیبوو لە ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان و بەردەستنەبوونی خزمەتگوزارییە یاساییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان، هەروەها کێشە و گرفتی دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستی، لە هەندێک ناوچەش دابینکردنی ئاو و کارەبا بوو. سێیەم سەختترین بواریش برتیتبوو لە خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆر خراپ دا دەژیان لەسەرانسەری ناحیەکە دا و زۆریشیان لە ناوچە دوورە دەست و پەراوێزخراوەکان دا دەژیان.


**ناوەندی تکریت** کە ٩,٤٨٠ کەسی تیادا نیشتەجێبوو. لەو ٢٦ شوێنەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا، ١٦ سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ئاستی بەرز بوو و ١٠ شیان مامناوەند بوو لەمبارەیەوە. بواری خزمەتگوزارییەکان و ژێرخان هۆکار و پاڵنەری سەرەکی دروستبوونی ئەو دۆخە سەخت و دژوارەبوو. دابینکردنی ئاو و کارەباش زۆر خراپ بوو لە هەموو شوێنەکان، بەڵام لە یەکێک لە شوێنەکان هەر ئێجگار خراپبوو. دەستگەیشتن بە چاودێری تەندروستیش تەنیا لە چەند شوێنێک کەم هەبوو، بەڵام لە شەش لەو شوێنەکان زۆر خراپ بوو. ژیانکردن لە شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونی زۆرخراپیش جێگەی نیگەرانی بوو و لە شەش لە شوێنەکانیش هەر زۆر خراپ بوو.

لەگەڵ ئەوەی کە شوێنە گەرمەکان تارددەیەکی زۆر هاوشێوە و نەگۆڕ مانەوە لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک گۆڕانکاری ڕوویداوە. ناوەندی بەلەد و زەلوعییە لە پارێزگای سەڵاحەددین لە لیستی شوێنە گەرمەکان دا نەمان لەماوەی سێ گەڕدا. ناوەندی بەلەد ژمارەی ئاوارە نیشتەجێبووەکانی کەمتربوو لە ١٠٠٠ کەس، هەربۆیە، چی دیکە بە شوێنێکی گەرم دانانرێت سەرەڕای ئەوەی کە سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەران لەئاستێکی بەرز دایە، لەوکاتەی زەلوعییەش کەمێک بەرەوپێشچوونی بەخۆییەوە بینی لە بواری سەلامەتی و ئەمنیەت، بەمجۆرەش تێکڕای سەختی و دژواری دۆخی ژیان و گوزەرانی کردە مامناوەند.

خشتەی ٣: لابراوان لە لیستی شوێنە گەرمەکان

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ژمارەی شوێنەکان | ژمارەی ئاوارەکان |
|---|---|---|---|---|
| سەڵاحەددین | بەلەد | ناوەندی بەلەد | ٢ | ١,٠٦٢ |
| سەڵاحەددین | بەلەد | زەلوعییە | ٧ | ٢,٧١٨ |

نەخشەی ٢: شوێنە گەرمەکانی سەختی و دژواری




**ژمارەی ئاوارەکان لە شوێنە گەرمەکان**

- ٣,٧٠٨
- ٣,٧٠٩ - ٩,٤٨٠
- ٩,٤٨١ - ١٦,٢٣٠

ئەستۆپاکی: ئەم نەخشەیە تەنیا بۆ مەبەستی نیشاندانە. نا و سنوورەکانی سەر ئەم نەخشەیە مانای بەفەرمی پەسندکردن نییە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)ەوە.

## ڕێباز

پێرستی ئاوارەبوون ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن و چاودێریکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان دروستکراوە. کۆکردنەوەی داتا بۆ پێرستی ئاوارەبوون لە هەر ١٨ پارێزگا، نزیکەی ١٠٠ قەزا و ٢٧٠٠ شوێنی ئاوارەبوونە لە عێراق دا. یەکەی شیکارکردن شوێنە کە دەکرێت ئەو شوێنە شارۆچکەیەک، گوندێک یان گەڕەکێکی شار بێت. کۆکردنەوەی داتاش لەڕێگەی تیمەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتن و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) یە کە لە ٨٠ کارمەند پێکهاتووە لەسەرانسەری عێراق دا (لە ٢٠٪ یشیان ئافرەتن). تیمەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتن و هەڵسەنگاندن (RARTs)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لەڕێگەی ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ زانیاریدەرە سەرەکییەکان داتایەکان کۆدەکەنەوە، ئەم زانیاریدەرە سەرکیانەش بریتین لە تۆڕێکی دامەزراو و گەورەی زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسی کە زیاتر لە (٥٪ ئافرەتن)، لە نێویشیان دا سەرکردەکانی کۆمەڵگە، موختارەکان، دەسەڵاتدارانی خۆجێی و هێزە ئەمنییەکان هەن. داتای پێرستی ئاوارەبوون لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوارەکانی هەر شوێنێک کۆدەکرێتەوە. ئەم ڕێبازەش سوودەکەی ئەوەیە کە وادەکات لەماوەی کاتێکی کەم دا ڕووماڵێکی بەرفراوان بکەی، ئەمەش تەنیا لەڕێگەی پشتبەستن بە چەند کەسێکی کەم بیروبۆچوونەکانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەیە دەگەیێنن، لەوانەیە ئەمەش نوێنەرایەتیکردنێکی سنووردار بێ بۆ ئەو گروپ و چین و توێژانەی کە تایبەمەندی خۆیان هەیە. ناباوی و شازییەکانی ناو داتایەکانیش بەهۆی بەهەڵە لێکدانەوەیە بۆ پرسیارەکانی زانیاریدەری سەرەکی، یان ناتەواوی و ناسازییەکانیش بەهۆی بێ لایەن نەبوونە بۆ ڕوانین لە دۆخەکە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە بواری گرتنەخۆی کۆمەڵایەتییەوە.

پێرستی ئاوارەبوون (DI) لەسەر بنەمای ٢٢ دیار خەرو پێنج بوارە: ١. کاروکاسبی، ٢. خانوو و نیشتەجێبوون، ٣. خزمەتگوزارییەکان و ژێرخان، ٤. سەلامەت و ئەمنیەت، ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی. دەرخەرەکانیش لەسەر بنەمای پشکدارە هاوبەشەکان، شیکارییە ئامارییە وەسفی و ڕوونکەرەوەییەکانی هەڵبژێردران لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵەی داتاکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)، لەنێویشیان دا هەڵسەنگاندنەکانی شوێنی یەکخراو، لیستە سەرەکییەکان و گەڕە سەرەتا و تاقیکارییەکانی کۆکردنەوەی داتا. شیکاری پشت بەهۆکار بەستووی دووپاتکراوە بەکارهێنراوە بۆ سەرنجدانی پەیوەندی نێوان ئەو دیارخەرانە لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ بوارەکان، بۆ ووردبوونەوە لە پەیوەستبوونی هەریەکێک لەو دەرخەرانە بە بوارێکی دیاریکراوە و بە گرنگی هەر یەکێک لە بوارەکان لە تێکڕای کۆی پێرستەکە. هاوتەریب لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو، ١. کاروکاسبی و ٢. نیشتەجێبوون کاریگەرترین دوو بوارن لەسەر تێکڕای دۆخی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان. ئەو دوو بوارەشی کە دووەم کاریگەرترینن بریتینی لە ٣. خزمەتگوزارییەکان و ٤. ئەمنیەت، دوای ئەوانیش ٥. گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی.

گەڕەکانی ٢ و ٣ و ٤ی پێرستی ئاوارەبوون لەم ڕاپۆرتەدا شیکار کراون لەڕێگەی بەکارهێنانی هەمان ڕێباز، هەربۆیە، دەرئەنجامەکان نێوان ئەم گەڕانە ڕاستەوخۆ بەراورد دەکرێن. دوابەدوای گەڕی یەکەم، گۆڕانکاری لە شێوازی ڕاپۆرتەکە کرا، لەوانەش گۆڕانکاریکردن لە لیستی دیارخەرەکان هەندێک بوارەکان، گۆڕانکاریکردن لە قیمەت و قورسایی دانان بۆ هەر یەکێک لە دیارخەرەکان، نێو بڕیش خرایە یە نێوان ئاستی بوارەکان و، ئاستی دۆخی ژیان و گوزەرانی (زۆر بەرز) لەگەڵ (بەرز) یەکخرا. هەربۆیە، ناکرێت و ناتوانرێت بەراوردکردن لە نێوان ڕاپۆرتی گەڕی یەکەم و ڕاپۆرتی گەڕەکانی دیکە بکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر لە تێکرای ڕێبازەکە، دیارخەرەکان، مۆدێلە ئامارییەکە و هەژمارکردنی خاڵەکان، تکایە بڕوانە (خستنەڕوویەکی گشتی ڕێباز) لەسەر وێبسایتی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون.

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

@IOMIraq

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

ئەستۆپاکی

مەرج نییە ئەو دیدو بۆچوونانەی کە لەم ڕاپۆرتە دا خراونەتەروو ڕەنگدانەی دیدو بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بن. دابەشکردنی شوێنەکان و خستنەڕووی کەرەستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، هەر چیەک بن، مانای گەیاندن و دەربڕینی هیچ بیروبۆچوونێکی ڕێکخراوی (IOM) نایەن سەبارەت بە باری یاسایی هەر وڵاتێک، هەرێمێک، شارێک یان ناوچەیەک، یان سەبارەت دەسەڵاتداران، یان دەربارەی سنوور و مەوداکانەوە.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی iraqdtm.iom.int بکە یان پەیوەندی بە تیمەکە بکە لەڕێگەی ئیمێڵی iraqdtm@iom.int

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کـۆچ (IOM) ٢٠٢٢

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.